ڕێوەڕەسمی کۆتایی هاتنی چەندین خولی فێرکاری بۆ پەنابەرانی سووری بەڕێوە دەبرێت

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە هەماهەنگی دەزگای LDSی ئەمریکی چەندین خولی فێرکاری بۆ پەنابەرانی سووری لە کەمپی باریکە بەڕێوەدەبات و لە کۆتایی خولەکاندا خەڵات بەسەر سەرکەوتووانداا دابەش دەکات. ڕێکەوتی ٩/١١/ ٢٠١٧ کۆتایی بە خولەکانی دورمان، کۆمپیوتەر، وێنەکێشان، زمان و مۆسیقا دەهێنرێت کە مەبەستنی پەروەردە کردن و بارهێنانی پەنابەرانی سووری لە کەمپی باریکەدا بەڕێوە دەبرێن. لە مەراسیمێکدا کە بەڕێنەی کۆتایی هاتنی خولەکان بەڕێوەبرا، خەڵات پێشکەشی سەرکەوتووانی خولەکەدا کرا و لەناواخنی مەراسمەکەدا چەندین نمایشی هەڵپەڕکێ و هونەری بۆ ئامادەبووان نمایش کران.

کریستیان تابیتی، توێژەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان: بە خۆشحاڵییەوە پشتیوانی لە ڕیفراندۆمی کوردستان دەکەم

دوێنێ، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان،بە ئامادەبوونی محەممەد خەلیل و ئاریان سەلاحەدین کارگێڕانی لقی دوو، پێشوازی لە کریستیان تابیتی قوتابی ماستەر لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان کرد لە زانکۆی پاریس کە نێستا بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی مەیدانی لە هەولێری پایتەختە. لەو دیدارەدا وێڕای ستایشکردنی، بەرپرسی لقی دوو پێی وابوو توێژینەوەکانی کریستیان و هەموو ئەوانەی دێنە کوردستان، وێنەیەکی ڕاستەقینەی کوردستان لە پێشکەوتن و ئاوەدانی نیشانی ولاتانی دونیا دەدەن. لە بەرامبەردا کریستیان هیوای خواست لە ئایندەدا ببێتە بالیۆزی ولاتەکەی لە دەولەتی کوردستان و گوتی:لە ڕێگەی توێژینەوەکەم زۆر شتی نوێم لەبارەی گەلی کوردستانەوە زانی، لە خەبات و قوربانیدان و تێکۆشانی لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆیی،کریستیان ئاماژەی بەو پێکەوە ژیانەی هەرێمی کوردستان کرد کە نموونەیەکی جوان نیشانی دونیا دەدات و ئاماژەن بەوەی ئەو ولاتە ولاتی یەکتر قەبوڵکردن و پێکەوە ژیانە،لە داهاتووشدا دەبێتە فاکتەری ئارامی و سەقامگیری لە ناوچەکە.

بەرپرسی پەیوەندییەکان: ئەمڕۆ هەموومان بەرپرسیارین بەرامبەر ئەم ڕەوشەی کە هەرێمی کوردستان پێدا تێپەڕدەبێت

بەرپرسی لقی 16: سەرکەوتنی ریفراندۆم سەرکەوتنی هەموو کوردستانیانە

دوێنێ بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی هەریەک لە دکتۆر شالاو مەلا ئەمین خۆشناو و سامیە شێروانی کارگێڕانی لق، لەگەڵ نوێنەری ژمارەیەکی زۆر لەڕێکخراوو سەنتەرە حکومی و ناحکومیەکانی سنوورەک کۆبوویەوە. لەدەسپێکی کۆبوونەوەکەیدا بەرپرسی لقی 16 ڕۆڵی پڕ بایەخی ڕێکخراوو سەنتەرە حکومی و ناحکومیەکانی بەرز نرخاند لە هۆشیارکردنەوەو پێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگاو بەرەوپێشبردنی توانستی چین و تویژەکان لەسەرجەم بوارەکانداو لەم قۆناغەی ئەمڕۆشماندا کە تەنها چەند ڕۆژێکی کەمی ماوە بۆ بەدیهێنانی یەکێک لە گەورەترین ئامانجەکانمان کە ئەویش ڕاپرسی خەڵکی کوردستانە بۆ دەستخستنی سەربەخۆیی نیشتمانەکەمان، بۆیە دەبێت هەموومان بەیەکەوە هەوڵەکانمان چڕ بکەینەوە لەپێناو کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگی بەڵێ لەو پرۆسە گرنگ و چارەنووسسازەدا. لەبەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەیدا بەرپرسی لقی 16تیشکی خستەسەر ڕێنمایەکانی کۆمیسۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی جێبەجێکردنیان بەشێوەیەکی شارستانیانە بۆ ئەوەی نیشانی هەموو جیهانی بدەین کە میللەتیتی کورد میللەتێکی ئازادیخوازەو لەپاڵ شۆڕشی چەکداری دەیان ساڵەی ڕابردوومانداو ئەمڕۆ لەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە چارەنووسی نیشتمانەکەی دیاری دەکات ، کە ئەمەش تەنها بۆ پارت و لایەنێک و ڕێکخراوو سەنتەرێک نییە بەڵکو سەرکەوتنی پرۆسەکە سەرکەوتنی تەواوی کوردستانیانە لەهەر کوێیەکی ئەم دونیاە بژین.

هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول تێکەڵ بە سەربەخۆیی کرا

لە پەنجاو شەشەمین سالوەگەڕی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و بۆ پاڵپشتی لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان، دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاهەنگێکی فراوانی بەو بۆنەیەوە سازکرد، لە ئاهەنگەکەدا وتاری دەستە لە لایەن ساسان عەونی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی خوێندرایەوە، دوای خەڵاتی ڕێزلێنانی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی درایە کۆمەڵێک نەقیبی سەندیکاو سەرۆکی ڕێکخراو و کۆمەڵەکان ئەوانەی پێشمەرگەئاسا خەباتی بەرپرسی دیسک و بەشەکانی مەکتەب سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی لە سنووری ئەنجومەنی سەرکردایەتی و گشت لقەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی باسی لە بارودۆخی سیاسی و پێشهات و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەو عێراق و کوردستان و هەنگاوە چارەڕوانکراوەکانی پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کرد، هاوکات باسی لە بایەخی پەیوەندییەکان لە قۆناغی داهاتوی کوردستان و چۆنیەتی کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان و هەماهەنگی باشتری نێوان حزب و لایەنە سیاسیەکان و پێکهاتە جیاجیاکان لەم بارەیەوە کرا، هاوکات بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ بەرپرسانی پەیوەندی لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیەکان و لقەکانی پارتی تەکیدی کردەوە ئەم قۆناغە وادەخوێنێت لەپێناو سەرکەوتنی پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان باشترین پەیوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان و پێکهاتە جیاجیاکان لەتەواوی کوردستان بۆ زیاتر هەماهەنگی و کارکردنی پێکەوەیی لە تەواوی شارو ناوچەکانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە چەند پێشنیارو بۆچونێکی جیاجیا بۆ پێشکەوتن و پتەوکردنی پەیوەندییەکان لە پێناو بەڕێوەبردنی گشتی گەلی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان خرایەڕوو، هاوکات تیشک خرایە سەر نزیکبونەوەی ریفراندۆم و هەنگاو هاوکات لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان و خەڵک بۆ سەرکەوتنی ئەم پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەو گەیشتن بە ئامانجی سەربەخۆیی گەلی کوردستان، هەرلەم کۆبونەوەیە کێشەوگرفتەکانی بەردەم ئەم پەیوەندیانەو کارکردنی هاوبەش بۆ چارەسەری گونجاو لەلایەن بەرپرسی پەیوەنییەکان لەلقەکانی پارتی خرایەروو، دواتر بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی تەکیدی کردەوە ئەمڕۆ هەموومان بەرپرسیارین لەبەرامبەر ئەم ڕەوش و قۆناغەی هەرێمی کوردستان پێدا تێپەڕدەبێت بەبینە پاڵپشت بۆ هەوڵەکانی سەرۆک بارزانی بۆ ئەوەی ریفراندۆم و سەربەخۆی کوردستان ببێتە ئامانجی هەموومان.

بەرپرسی لقی 22: ئێستادا باشترین دەرفەتە بۆ سەربەخۆیی کوردستان

خەبات- سەبریە یوسف: لە کۆڕێکدا کە لیژنەی ناوچەی دەربەندیخانی پارتی بۆ هەڵاڵ ئەکرەم سالح، بەرپرسی لقی 22ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان سازکرد ئەویش تیشکی خستە گرنگی سەربەخۆ بوونی کوردستان و دەستکەوتەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول. لەو کۆڕەدا هەڵاڵ ئەکرەم سالح، بەئاماژەبوانی کۆڕەکەی ڕاگەیاند ریفراندۆم پرۆسەیەکی نیشتمانیەو لە ئێستادا باشترین دەرفەتە بۆ ئەنجامدانی و وەرگرتنی ڕای خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی. ڕاشیگەیاند: میژوو سەلماندی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق هیچ کات ئاماژەنەبوونە دان بە مافەکانی گەلی کوردستاندا بنێین، بۆیە دەبێ کورد سود لە ڕابردووی پڕ لەتێکۆشانی خۆی وەربگرێ و دەبێ خۆمان مافەکانمان وەربگرینەوە. پەیوەست بەشۆڕشی ئەیلولەوە، بەرپرسی لقی 22ی گەرمیانی پارتی ڕوونی کردەوە: ئەو شۆڕشە وەک شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز بۆئەوە بوو کورد لەژێر دەستی ڕزگاری بێ بۆیە تێکۆشانەکە دڕێژەی پێدرا تا ئەمڕۆ، ئەمڕۆش بەدەنگی بەڵێ دەتوانین پارێزگاری لەدەستکەوتەکانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن بکەین.

هەولێر... گەورەترین ناوەندی دروستکردنی دەست و پێی دەستکرد دەکرێتەوە

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر پێشوازی کرد لە نوح لیلان فیلی بەڕێوەبەری گشتی خاچی سووری نێو دەوڵەتی لەهەولێر و شاندی یاوەری. لە دیدارێکدا تیشک خرایە سەر پرۆژەی ناوەندی دروستکردنی دەست و پێی دەستکرد لە هەولێر کە دوای تەواو بوونی بە گەورەترین ناوەند دادەنرێت لەعێراق بۆ خزمەتکردنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان. جێی باسە پرۆژەکە بە بڕی 11ملیۆن دۆلار جێبەجێ دەکرێت و لە ئایندەیەکی نزیک دەست بەکار دەبێت، هەردوو لا بە پرۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژیان وەسف کرد ، کە خزمەتی زۆری خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات ، لە دەستکردنی دەست و پێی دەستکرد جەختیش کرایەوە لەسەر هەماهەنگی پتری پارێزگای هەولێر و ڕێکخراوی خاچی سووری نێو دەوڵەتی لە بوارەکانی مرۆیی ، بەتایبەت بە دەنگەوە هاتنی ئاوارەکان و پەنابەران ، کە لەماوەی 3ساڵی ڕابووردوو تا ئەمڕۆکەش هەموو شێوازێکی تایبەتی ژیانیان بۆ دابین کراوە. جێی باسە زیاتر لە 2ملیۆن ئاوارەو پەنابەر لە کوردستان بوونیان هەیە ، کە پارێزگای هەولێر لە ڕێگەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە هەموو خزمەتگوزارییەکی پەروەردە تەندروستی و خوادرنیان بۆ دابین دەکات.

خورشید شێرە: دەنگدان بە بەڵێ، هێنانەدی ئامانجەکانی شۆڕشی ئەیلوول و زامنی پاراستنی دەستکەوتەکانمانە

ئەمە ناونیشانی کۆڕێک بوو کە بەشی ڕۆژهەڵاتی و ڕاگەیاندنی سوپای 5ی زێرەڤانی، بۆ خورشید شێرە پێشمەرگەی دێرین و سەرکردە لەشۆڕشی ئەیلوولی ڕێکخست. لە کۆڕەکەدا کە فەرماندەی سوپا لیوا عادلەڕەش و جێگران و ئەندامانی سوپاو ژمارەیەکی زۆر لەفەرماندەو ئەفسەرانی هێزو بەتالیۆنەکانی سەر بە سوپا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامادەی کۆڕەکە بوون. سەرەتا عەقید یاسین ئیسماعیل بەرپرسی ڕۆژهەڵاتی و ڕاگەیاندنی بەش